# ئیلاهی

***پێشکەشە بە ڕۆحیانەتی ئەکرەم عەنەبی***

***شێروان ئیبراهیم حەیدەری***

"ئەوا لەیلا ئەدا وادەی لیقا مەحوی
هەتا قامی قیامەت شین و واوەیلا نەکەم چ بکەم"
بۆ خۆت بنوو... ئەی فریشتەی بێ باڵ بنوو...
لەتەک مەلەکوت بنوو
لەتەک خوا وەنەوز بدە
جارێ زووە بۆ هەڵڕشتنی خەونەکان
ئێستا کافییە بۆ ڕستە سەرمەستەکان
سیگارێک پێبکە
تا هەموو غەمەکانی وجوود لە یاد بکەی
سیگارێک پێبکە
سیگاری شوکرانە بێ لەو دنیا فانیەدا
سیگارێک پێبکە
خەم مەخۆ لە قسەکانی من و دڵزار
من وەک ئەوەم کە لە ناو پەلکەزێڕینەکاندا سەرم لە ڕەنگەکان دەرناچێ
ئەویش لە دەرەوەی باغی عیرفان یاری دەکا و دەڵێ:
ئەو هەستکردنە بە تاوانە چ تاوانێکە خوایە هەموومان لوول دەدا
ئەو هەستکردنە بە گوناهە چ تابووتێکە هەموومان ڕاپێچ دەکا...
بەڵام تۆ...
لە ڕشتەی "حافزا" باسی چینی گومانەت دەکرد
دەتوت "ئەو گومانە گومانە کە دەتگەیەنێتە حەقیقەت"
بەڵام ئێمە نەمان دەویست بگەینە حەقیقەتێک و حەقیقەتێکی تر
لە دوای هەبێ...
بۆ خۆت بنوو
بەبێ غەمی لەگەڵ باغی عیرفانی پەرە زەردەکانە بنوو
خەمی چیتە؟

ئەوەی دەتەوێ هەتە

بەرخوردی لە دونیای سەفا

لەوێندەریش هەر بەو کەلامە شیرینە بڵێ "ئیلاهی"

ئیلاهی چەندە مەحبوبم بە دیدارت

ئیلاهی چەندە مەعشوقم بە ئەطوارت

ئیلاهی چەندە مەسرورم بە نیگارت

ئیلاهی

دەتۆ ئێستا پێم بڵێ

من باکم بەقسەی هیچ کەسێکی تر نەبوو

هەموو غەم و تاسە و عەشقم وەڵامی تۆ بوو

ئیلاهی...

چەند بە ڕازت گرفتاری سەر بووم

چەندە بە عیشقت گرفتاری ئەهلی دڵ بووم

لاپەڕەکانی غەزەلیاتم هەمووی تەی کرد

لە پێناوی عیشقی تۆ

لە پێناوی وەفای تۆ

لە پێناوی بەخشندەی تۆ

شەرمم دەکرد کە سەرم لەسەر سوژدەبردن بێ و دڵم لای یەکێکی تر بێ

ئای ئیلاهی

بەبارێک لە هیلاکەتییەوە هاتووم

بەبارێک لە ئیشتباهەوە هاتووم

جوعبەکەم هیچی تیا نییە

شێروان شەممە بوو زەنگی بۆ لێ نەدابووم

ئیلاهی پەژموردم لە ڕاست دیداری تۆ

قاچی وەستانم نییە

ئیلاهی

ئیلاهی

ئیلاهی

جارێک زوو بوو ئەو گەشتە

نێوانی من و بەهەشت ئەو دەنکە خورمایە نەبوو
نێوانی من و کەوسەر ئارەقەی خەیام نەبوو
شەڕابی من وەکو شەڕابی خەیام نەبوو
بڕژێ
بەڵام ئیلاهی کەس سەری دەرناچێ لە ئەسرارت
کەس ڕەنگی تێک ناچێ لە کردارت
ئیلاهی بەم کاتە زووە چی بوو
خۆ ئێمە دواهەمین پیاسەمان نەکردبوو
خۆ ئێمە دواهەمین دیدارمان ساز نەدابوو
ئیلاهی